ئەدەب و کولتوور رووداو

# کتێبێك لەبارەی ”دیاردەی نوێ لە شیعری نوێی کوردی“دا




**ئا: ئەدەب و کولتوور**

ئازاد دارتاش، نووسەر و لێکۆڵەر، نوێترین کتێبی خۆی لەبارەی دیاردە نوێیەکانی نێو شیعری نوێی کوردی چاپ و بڵاودەکاتەوە.

دارتاش، بە پاشکۆی (ئەدەب و کولتووری رووداو)ی راگەیاند: (چەند دیاردە د هەلبەستا کوردی یا نو دا) نوێترین کتێبی ئەوە و بڕیارە بەم نزیکانە چاپ بکرێ.

کتێبەکە لە 160 لاپەڕەدا لە ئێران چاپ دەکرێت و لەسەر بودجەی سلێمانی، پایتەختی رۆشنبیری چاپ و بڵاودەکرێتەوە.

دارتاش دەڵێت لەم بەرهەمەدا تیشکی خستووەتە سەر دیاردە نوێیەکانی نێو دەقی ژمارەیەک شاعیر، لەوانە دیاردەی دووبارە گێڕانەوە لە چوارچێوەیەکی دەقی شیعریدا.

نووسەر لەبارەی دەقەکانی موحسین قۆچان، کەریم دەشتی، ئەنوەر مەسیفی، دکتۆر عارف حیتۆ، شەماڵ ئاکرەیی، چنوور نامیق، بێکەس حەمە قادر و دیار ئەرەدەنی لێکۆڵینەوەی کردووە.

ئازاد دارتاش، ساڵی 1975 لە ئاکرێ لەدایکبووە، پێشتر چوار کتێبی دیکەی بڵاوکردوونەتەوە بەناوەکانی "پابەندبوون و ئەوێ دی" ، "دەنگ و هەلنگفتن"، "دیاردە و راڤە - بەشی یەکەم" و "دیاردە و راڤە- بەشی دووەم".

# کوردێك دەبێتە ئەندامی دامەزراوەی خەڵاتی نۆبڵ



**ئا: ئەدەب و کولتوور**

نووسەر و رۆژنامەڤانی سوێدی بە رەچەڵەک کورد، دڵشا دەمیربەگ ستێن، دەبێتە ئەندامی دامەزراوەی خەڵاتی نۆبڵ.

بەپێی هەواڵی میدیاکانی سوێد، دڵشا دەمیربەگ لەلایەن ئەندامانی کۆمیتەی خەڵاتی نۆبڵ، بە ئەندامی کۆمیتەکە دەستنیشانکراوە.

دڵشا دوای دەستنیشانکردنی بۆ ئەو کارە، لە فەیسبووکی خۆی نووسیویەتی: "شەرەفمەندم و بە تاسەوە چاوەڕێی کارکردنم لە دامەزراوەی خەڵاتی نۆبڵ".

دڵشا دەمیربەگ خانمە نووسەر و رۆژنامەنووسی کوردی دانیشتووی سویدە و دامەزرێنەر و ئەندامی چەندین رێکخراو و گرووپی ئەدەبی بووە، لەوانەش دامەزراوەی وەزارەتی گێڕانەوە، ئەنجوومەنی میدیای سویدی، ئاژانسی حکومەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی دابڕاندن، دامەزراوەی شازادەی جێنشینی سویدی.

دڵشا بەکالۆریۆسی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سوید لە بوارەکانی زانستە سیاسییەکان و مێژوو وەرگرتووە، چەندین خەڵاتیشی بۆ بەشداریی لە هەوڵە کولتووری و مرۆییەکان پێبەخشراوە، لەوانەش مەدالیای ئێس تێ ئێریک لە ساڵی 2018 کە بە یەکێک لە گەورەترین خەڵاتەکانی سوید لە قەڵەم دەدرێ. لە ساڵی 2016 خەڵاتی "ئێلدخەلس"ی پێبەخشراوە بۆ هەوڵەکانی دامەزراوەی وەزارەتی گێڕانەوە کە دڵشا و دوو هاوکاری لە ساڵی 2011 وە دایانمەزراندووە.

ئەو خانمە کوردە سێ کتێبی هەن بە ناوەکانی (شەجەرەنامە، وڵاتی دایک و زمانی سویدی). چەند کتێبێکیشی بە هاوبەشی لەگەڵ نووسەری دیکەدا نووسیوە، لەوانەش: (دەنگە بێدەنگکراوەکان، کتێبێکی زانیاری لەدژی توندوتیژی، بۆ بەرگری لە ئازادی و دەسەڵات لە سەرووی هەموو شتێکەوە).

# "ئەرێ کورد بوونە بەردەباز!" بە کوردی

**ئا: ئەدەب و کولتوور**

کتێبی "ئەرێ کورد بوونە بەردەباز.. سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، عێراق ، کورد و جەنگی سارد لە 14ی تەمموزی 1958 تاوەکو 20ی ئاداری 1975) کە لەلایەن نووسەری کەنەدی، بریان رۆبەرت گیبسن نووسراوە، لەلایەن شەفیقی حاجی خدر دەکرێتە کوردی.

شەفیقی حاجی خدر، وەرگێڕی کتێبەکە لەوبارەوە گوتی: "کتێبەکە هەروەک لە ناونیشانی دووەمییەوە دیارە، باس لە قۆناغێکی مێژوویی زۆر هەستیار هەم لە عێراق و هەم لە کوردستانی لکێنراو بە عێراقەوە دەکا، باسی رووداوەکانی پشتی پەردە دەکا، ئاخۆ بۆچی کودەتای عەبدولکەریم قاسم بەرپابوو؟ کێ لە پشتی بوو؟ کێ سەروسەودای لەگەڵدا کرد؟ بە قازانجی کێ شکایەوە؟ روانینی بۆ کێشە ناوخۆییەکانی عێراق چۆن بوو؟ بەشێوەیەکی دەقاودەقیش چۆن لە پرسی کوردی دەڕوانی؟ چۆن بوو رێگەی دا (مەلا مستەفا بارزانی) لە یەکێتیی سۆڤیەتەوە بگەڕێتەوە؟ دواتر چی گۆڕا، ئایا گرژیی نێوانیان بۆ پەیدا بوو؟ چ ئاقارێکی وەرگرت؟".

هەروەها دەڵێت: "هەرچی سەبارەت بە کورد و کوردستانیشە، لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشی ئەیلول لە 1961ـەوە بە وردەکاری لێیدەکۆڵێتەوە، ئیدی کتێبەکە هەموو هەنگاوێکی دەستوەردانی دەرەکی بەتایبەتی ئێران و ئیسرائیل دەخاتەڕوو، تا کار دەگاتە هەرەسی شۆڕشەکە دوای مۆرکردنی رێککەوتننامەی شوومی جەزائیر".

کتێبەکەی بریان رۆبەرت گیبسن لە ساڵی 2013 وەک تێزی دکتۆرانامە پێشکەش کرا کە دکتۆرای فەلسەفەی مێژووی پێوەرگرت، پاشان لە ساڵی 2015 بەناوی "ئەرێ فرۆشرا" کراوەتە کتێب و بڵاوکراوەتەوە. کتێبەکە بە کوردی لەژێر چاپە و بڕیارە لە چەند رۆژی داهاتوودا بڵاوبکرێتەوە.




# گوڵیار پێنج کتێبی نوێ چاپ دەکات




**ئا: ئەدەب و کولتوور**

گرووپی رۆشنبیریی گوڵیار بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە لە سلێمانی، لە سێیەم پرۆژەیدا بۆ چاپکردنی کتێب، پێنج کتێبی نوێ چاپ و بڵاودەکاتەوە.

هێمن بەرزنجی، سەرۆکی گرووپی گوڵیار بە (ئەدەب و کولتووری رووداو)ی راگەیاند، گرووپەکەیان لە سێیەم پرۆژەیدا بۆ چاپکردنی کتێب، پێنج کتێبی دیکە چاپ و بڵاودەکەنەوە و چەند کەسایەتی و دەزگایەکیش سپۆنسەری پرۆژەکەیان کردووە.

ئەو گرووپە لە ساڵی رابردوو 17 کتێبی بە چاپ گەیاند، داهاتی کتێبەکانیشی بەخشییە نەخۆشخانەی هیوا بۆ تووشبووانی شێرپەنجە. داهاتی پرۆژەی دووەمیش کە هی حەوت کتێب بوو، درایە ئەو نووسەرانەی کەمدەرامەتن.

بەرزنجی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئەمجارە پێنج کتێب چاپ دەکەن، کتێبەکان ئێستا لە چاپخانەن و بڕیارە بەم نزیکانە بڵاوبکرێنەوە و داهاتەکەشیان بۆ پاڵپشتی دارایی پرۆژەی چوارەمیان دەبێت.

هێمن بەرزنجی، چیرۆکنووس و شاعیر، گوتی کە پرۆژەی داهاتوویان چاپکردنی 50 کۆمەڵە چیرۆکە بۆ چیرۆکنووسە گەنجەکان، بەهۆی ئەوەی کتێبخانەی کوردی لە رووی ئەم ژانرە ئەدەبییەوە هەژارە.

ئەو پێنج کتێبەی گوڵیار چاپی دەکات، بریتین لە "شەوە تاریکەکانی ژیان خەم دەنووسنەوە"ی کەژاڵ ئیبراهیم خدر. چاپی دووەمی "ژنی ژێر گڵۆپە سوورەکە"ی هێمن بەرزنجی. "گەڕانەوە بۆ حەیفا" لە وەرگێڕانی ئەحمەد عارف. "فرمێسک و خەندە"ی حەسەن مەحموود رەسوڵ و "نامەی شاعیرێک بۆ سۆفیا"ی پشتیوان هەڵەبجەیی.

# ''یادداشتێکی بێواتای غوربەتی''

ئارام فەتحی



غوربەت چییە؟ واتایەکی ڕووکەشی نا؛ بەڵکوو ئەو ترس و بێقەرارییەی کە دەچێتە وجوودتەوە؛ ئەوەی کە بەردەوام لە خەوندای؛ هەموو شتەکان زیاتر لە خەیاڵ و خەون و جیهانێکی تەمومژاوی دەچن؛ وەها کە هەرگیز بڕوا ناهێنی لەم شوێنی ترە کە هەی، هەبوونێکی واقیعی و ڕاستە؛ ئەوەی کە قاچت بەسەر عەرزەوە بەند نابێت و ژێرپات خاڵی و بەتاڵ و پووچ دەبێتەوە. بێ ئەوەی کە لە دەستی خۆتدا بێت لە زەینتدا جێگیر بووە کە هەر کاتێک بێت، تەنانەت سەد ساڵی تریش، هەر دەبێ بگەڕێیتەوە ئەو شوێنەی واتات پێ دەدات و ژیانەکەی ڕاستەقینە دێتە پێش چاوت. ئەگەرچی باسی زەمان خۆی قسەی زۆری لەسەرە، بەڵام غوربەت ئەو شوێنە و ئەو ترسە لێنەبڕاوەیە کە دەترسی لێی بمریت و خۆفێکە دەست لە بینت بەرنادات. وەک مرۆڤێکی سەرگەردانتر لە هەمیشە، کە نازانێ بۆ لەوێیە و پرسیارێکە بەردەوام لە خۆی دەکات: من چی دەکەم ئالێرەدا؟ نە پێکەنینی هی ئەوە و نە شەقام و نە تامی هیچ چرکەیەکی؛ نە بیرەوەرییەکی لەگەڵ بیناکانی هەیە، نە هەڵسوکەوتی خەڵکی ئەوێ لەگەڵ پەروەردە و تێگەیینی ئەم لە مامەڵە ئینسانییەکاندا یەک دێنەوە.

''هەستی''، ''وجوود'' یان ''بوون''ی جیهانی هەر کەسێک بازنەیەکی هەیە، هێڵێکی ژیاوە و دیاریکراو. ئەو ترسەی کە مرۆڤی ئاسایی بەرامبەر بە مەرگ هەیەتی، ئەوەیە کە کاتێک ئەو دەمرێت جیهان لەجێی خۆیەتی، هەموو شتەکان و کەسەکان بەردەوامن و هەموو هاتوچۆ و هەڵسە و دانیشتنەکان بەرقەرارن و تەنها ئەوە کە نییە و لەناو ئەو هەڵسە و دانیشت و شتانەدا نەماوە. هاوڕێکانی دەچنەوە سەیران، دووکاندارەکان دەچنەوە دووکانەکانیان، تاکسییەکان هەر دێن و دەچن و هەموو شتێک دێت و دەچێ و تەنها ئەو نەبێت. ئەمە ڕاست هەمان ئەو ترسەیە کە مرۆڤی غوربەتنشینیش هەیەتی. بەو پێیەی کە بوون (هەستی) و جیهانی مرۆڤی غوربەتنشین بازنەیەکی دیاریکراوە لە زەمان، ئاکار و ڕەوشتی تاقمێک مرۆڤ، شوێنەکان و ئەو بەشە لە ژیان کە جیهانی ئێمەی پێکهێناوە و ئێستا بە هەر ناوێک وەک شوناس یان مرۆڤی شەرقی و غەربی و هەر جۆرە دابەشکردن و دیاریکردنێکی دیکە، بە دابڕان و دوورکەوتنەوەی لەم شوناسە (کە دواتر هەندێکی لە شوێنێک بەناوی بیرەوەری دەگیرسێتەوە) مەرگی ئەو مرۆڤە ڕوودەدات و هەمان ترسی ئەو کەسە دەیگرێت کە بەشێوەی فیزیکی لە جیهاندا نامێنێت. ئەستەمییەکەی غوربەتنشین بوون و جیاوازییەکەی لەگەڵ مردوویەکی ئاسایی ئەوەیە کە کاتێک کەسێک بە شێوەی فیزیکی دەمرێت، ئیتر مردووە و ئاگای لێ نییە هەتا ڕەنجی دیتنی نەبوونی خۆی لە بەردەوامیی جیهاندا بکێشێت و ببینێت؛ بەڵام ئەم مرۆڤەی کە لە غوربەت دەژی، بە شێوەی فیزیکی بوونی هەیە و مردنەکەی مردنی واتایە و کاتوسات؛ یانی چاوی لێیە لە دەرەوەی ئەو جیهانەیە کە بۆ ئەو واتای هەیە و بەس تەنها ئەو لەوێ نییە. ئەم مرۆڤە چونکە بەشێوەی فیزیکی نەمردووە و زیندووە، ڕەنجی مردنی خۆی لە هەستییەکەیدا دەکێشێت و دەچێتە گیانیەوە و لە هەمان کاتیشدا شایەتی ئازارکێشانی (مردن یان هەمان نەبوون)یەتی بەپێی پێناسەی لە گەردووندا. بۆ وێنە مرۆڤی غوربەتنشین ترسی هەیە لەوەی لە یادی کەسەکان بچێتەوە، یان شوێنەکان، وەک کۆڵان، تەپۆڵکە، شەقام، دووکان و... گۆڕانیان بەسەردا بێت لەو کاتەوەی ئەو لەو شوێنە کۆچی کردووە. ڕەنگە بۆ ڕاکردن و خۆدزینەوە و هەڵخەڵەتان لەو دۆخە، زەین وادار بکات ناوی هەندێک شوێن و کەسی لەبیر بچێتەوە. مرۆڤی غوربەتنشین هیچکات ئەو بەشەی ژیانی کە لە غوربەتدا تێپەڕی دەکات، ئەگەرچی زۆر تاڵ و ناخۆشیش بێت، بەڵام لە حساباتی ژیانیدا بە ئەژماری ناهێنێت و بە ژیانی نازانێت، وەک ئەو خۆشی و ناخۆشییانەی کە ئێمە لە خەوندا دەیانچێژین، بەڵام بە بەشێک لە خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیانی بەئەژمار ناهێنین! بەڵکوو ئەو بەردەوام پەنا بۆ ڕابردوو و بیرەوەری دەبات، کاتی هەنووکەی ئەو شتێک نییە جگە لە ڕابردوو، یان باشترە بڵێین ئەو لە گەردانەی زەماندا هەست بە ''ئێستا'' ناکات، ''ئێستا''کەی شتێکە نییە جگە لەو کاتەی کە ڕابردوو داگیری کردووە، ڕابردوو ئەو شوێنەیە کە ئەو لەوێوە خۆی پێناس دەکات و لەوێوە وجوودی خۆی دەسەلمێنێ. مرۆڤی غوربەتنشین تەنها شتێک کە خاوەنیەتی و بەردەوام لە هەوڵدایە خاوەندارێتیی خۆی بەسەر ئەو بەشە لە زەمان و ژیاندا بپارێزێت، ڕابردوویەتی و لەوێوە دەیەوێت واتا بدات بە ژیانی؛ مرۆڤێک کە بگێڕەوەی هەمیشەییە و هەوڵ دەدات هەموو کات بە بیرهێنانەوەی یادەوەرییەکان، ئەو ساتانەی ژیانی بەرز ڕابگرێ لە خۆیدا و لە ڕێگای ئەم ڕابردووەوە بەردەوام بە خۆی و دەوروبەرەکانی بڵێت ئەوەتا بوونم هەیە! ڕابردوو هەموو ئەو شتەیە کە ئەو هەیەتی، ڕابردوو هەموو سامانی مرۆڤی غوربەتنشینە!

زۆربەی کات لە خەونەکانیدا هێشتاکە لەو شوێنەیە کە کۆچی لێ کردووە، ئەو هێشتاکە ئەوێی بەجێ نەهێشتووە. ئەو دەترسێت و پێی-خەمناک دەبێت ئەگەر شوێنێک یان کەسێک لە شارەکەی کەم یان زیادی کردبێت؛ دەیەوێ هەموو شتەکان وەک خۆیان بمێننەوە؛ ڕابردوویەک کە ئەم هەیەتی نەگۆڕ بمێنێ. گەر ڕووداوێک لە نەبوونی ئەودا لەو شوێنە ڕوویدابێت، ئەستەم بتوانێ قەناعەت و بڕوا بهێنێت بەم گۆڕانە (ئەگەریش قبووڵی بکات، دیسان ناتوانێت هیچ پێوەندییەکی عاتفی و زاتی لەگەڵ بگرێت). لەبەر ئەوەی ئەو لە زەینیایە کە هەر ڕۆژێک دەگەڕێتەوە، بە تەواوی نامومکینەکانیشەوە ئاواتیەتی؛ گەڕانەوە ئەو خاڵەیە کە ئەو پێیوایە دەبێ ڕۆژێک هەر پێی بگات. بە دیتنێکی سادەش بێت، وەک ڕوانین بۆ تابلۆیەکی نەقاشی. لە ڕاستیشدا مرۆڤ لە غوربەتدا باشتر دەتوانێت خۆی ببینێ و خۆی بناسێت؛ وەک بڵێی لە شوێنێکی بەرزەوە، بەجوانی و بەتەواوی، خۆی و هەموو ژیانی ببینێ و لێکی بداتەوە. ئەو دەتوانێ بە هەموو وردەکارییەکانیەوە ژیانی خۆی بکێشێتەوە. ئەو نایەوێ ناودارترین مرۆڤی ئەم جیهانە بێت، نایەوێ ساماندارترین، دەسەڵاتدارترین بێت، تەنها دەیەوێت ڕۆژێک لە ڕۆژان کۆتایی بە غوربەتی بێت؛ ئەگەرچی هۆکاری غوربەتنشینیشی ڕەنگە یەکێک لەو هۆکارانە بووبێت!

ئەو ڕەنگە پەنا بۆ هەندێک بیرۆکە ببات، هەوڵ بۆ دۆزینەوەی ئایدیۆلۆژییەک بدات کە بتوانێ واتا بداتە ژیانی هەنووکەی لە غوربەتدا، ڕێگاچارەیەک کە بتوانێ بەردەوامی بکات لە بەردەوامبوونی کات بە ڕێگای ئاسایی تێپەڕبوونی خۆیدا. ڕەوتی غوربەت وەهایە کە زۆرینە دەکاتە قوربانی و ڕەنگە چەند تاکە کەسێک بخولقێن و زیندوو بمێننەوە و خۆیان ڕاگرن لەناو ئەو گێژاو و تۆفانە کۆتایی نەهاتووەدا، بۆ ئافراندن و گێڕانەوە لە شێوازەکانی هونەر یان جۆرێکی دیکە.

بەگشتی مەفهوومی غوربەت هەڵگری زۆر واتایە و دەکرێ لە چەندین ڕەهەندەوە ئاوڕی لێ بدرێتەوە و قسەی لەسەر بکرێ؛ ئێستا ئەم غوربەتە چ وەک کۆچێکی ئارەزوومەندانە بێت یان ناچارانە و نەخوازراو (دوورخستنەوە)؛ کە بەڕای من غوربەتی ئارەزوومەندانە بوونی نییە و هەموو کۆچەکان ناچارانەن و ئەوەش کە وەک ئارەزوومەندانە دەستەبەندی کراوە، جۆرێک نارەزایەتی بە دۆخی هەبووە؛ چونکە مرۆڤ تا کاتێک شوێنێکی بەدڵ بێت و جێی ڕەزامەندی بێت، ئەو شوێنە جێناهێڵێت! بۆ ئێمەی مرۆڤی کورد کە دۆخی ژیانمان بەهۆی زۆر هۆکارەوە بەردەوام لە ئاوارەیی و دوورکەوتنەوە لە زێد ژیانمان بەسەر بردووە، غوربەت چەمکێکی پڕبایەخ و جێی سەرنجە. چونکە هەموو ئێمە بە عام یان زۆرینەمان مرۆڤی غوربەتین و غوربەتی بەئەژمار دێین! تەنانەت بەشێکی زۆر لە ئەدەبیات و هونەری ئێمە، هەر لە ئەدەبیاتی کۆن و کلاسیکەوە تاکوو هەنووکەش بەرهەمی غوربەتن. هونەرمەندی کورد وەک نوێنەر و بڵندگۆی ئەو بەشە لە ژیان و وەک ئەو تاکەکەسانەی لەو دۆخە بەقوربانی بووەدا بگێڕەوەن، هەمیشە دوورکەوتنەوەکانی بە شینگێڕی و ئەو بۆشاییە وەسف دەکات کە غوربەت بەدی دێنێت؛ ئەو کەلێنەی غوربەت دەیخاتە ڕۆحیەوە و وەک ئەشکەوتێک دەم دەکاتەوە؛ بە جۆرێک شاعیر یان نووسەر پتری شوناس یان بوونی خۆی، هەمان ئەو شتانە بەدی دەکات کە بەهۆی دوورکەوتنەوەوە لەدەستی داون و دەیانلاوێنێتەوە یان لە یادەوەرییەکانیدا چەکەرە دەکاتەوە. بەڵام ئایا بە هاتنەوە بۆ لای شتە لەدەستچووەکان و بۆ زێد و شوناس، ئەو شتەی بە ناوی غوربەتەوە تووشی بووە و غوربەت لێی گرتووە بەدەستی دێنێتەوە یان غوربەت هەمیشە بەردەوامە و ئەبەدییە و تەنها شێوە و جۆرەکانی گۆڕانی بەسەردا دێت؟ ئایا ئەو کەلێنەی لە غوربەتدا دەکەوێتە دەروون و ڕۆحی مرۆڤەوە، بە هاتنەوە چارەسەر دەبێ و پڕ دەبێتەوە؟

---

## نامە ئەکادیمییەک

# دوالیزمی دژ

# مەولانای ڕۆ

هەرێم عوسمان



مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی

ئەمە ناونیشانی نامەیەکی ماستەری (لهۆن قادر)ە، بە سەرپەرشتی (پ.د.ئەنوەر قادر) ساڵی (2013) پێشکەشی کۆلێجی زمانی زانکۆی سلێمانی کردووە.

توێژەر لە پێشەکی نامەکەدا دەنووسێ، ئەم دوو شاعیرە نەمرە زانا و عارفە بەرهەمەکانیان زەمینەی داهێنانی چەندین هونەری شیعری بەرزن، مەولانا پتر لە 65 هەزار بەیتە شیعر و مەولەویش پتر لە هەشت هەزاری هەیە. نامەکە لە سێ بەش پێکهاتووە:

بەشی یەکەم: دوالیزمی دژیەک لە بابەتە جیاوازەکانی مەعریفەدا

سەرەتا لە زمان و فەرهەنگدا چەند زاراوەیەکی پەیوەست، نزیک و هەندێجار هاوواتاش وەک (دژیەک ''تچاد''، ناکۆک''متناقچ''، پارادۆکس، تقابل، تقابل تچایف) بەرامبەر بە دوالیزمی دژیەک دەناسێنێ، تا لە ناساندنی چەمکی دوالیزمی دژیەک تێکەڵی و ئاڵۆزی دروست نەبێت.

توێژەر دەنووسێت: ''بەگشتی دەتوانین بڵێین، ئەگەر دوو چەمکی (تچاد) بدەینە پاڵ یەک، یاخود پێکەوە کۆیانبکەینەوە، ئەوا (تناقچ) پێکدێت، بەڵام ئەگەر بتوانین دوو (متناقچ) پێکەوە کۆبکەینەوە، ئەوا پارادۆکس پێکدێت''، لەبەرئەوە چەمکەکان زۆر نزیکن لە یەکەوە. دواتر بە وردی لە فەرهەنگە جیاوازەکاندا

---

# باری نائاسایی وەک پا

بەکر عەلی



**سەروەر ئەو کەسەیە کە بڕیار لەسەر باری نائاسایی دەدات...**

**ک. شمیدت**

تارمایەکی لەمێژینە بەدەوری کوردستاندا دەسووڕێتەوە، تارمایی ''باری نائاسایی'' . لە باکوور، لە باشوور، لە ڕۆژهەڵات، لە ڕۆژئاوا. کەچی هیچ نووسراوێکی کوردی شک نابەین باسی ئەو دۆخەمان بۆ بگێڕێتەوە. لە باشوور سەد ساڵێک دەبێت ئێمە بە هەڵە دیاگنۆزەی دۆخی کوردستانمان کردووە، لەبری ئەوەی وەک دۆخێکی نائاسایی و بارێکی ئاوارتەی درێژخایەن پێناسی بکەین، وەکو قۆناغی خەباتی ڕزگاریخوازی دەستنیشانمان کردووە. ئەو دۆخەی کورد لەدوای ڕاگەیاندنی دەوڵەتی عێراق و سووریا و تورکیا و ئێرانەوە بەسەریدا سەپێنراوە و درێژایی چەند سەدەیەکی نائاسایی پێ بردووەتە سەر، ناکرێت وەک قۆناغێک لەبەرچاو بگیرێت، بەڵکو دەبێت وەکو بارێکی نائاسایی سەپێنراو ببینرێت کە لەو ماوەیەدا کورد بەشێوازی جۆراوجۆر لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو بارە نائاساییەدا خۆیان ئەکتیڤ کردووە و جۆرێکی تایبەتیان لە مانەوە بەزیندوویی داهێناوە، ئەگەرچی تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ دۆخەکەیان بۆ ئاسایی نەبووەتەوە. ئەوەی لەباری نائاساییدا بڕی کار بۆ ئەوە دەکات کە دۆخەکەی ئاسایی بکاتەوە. بەپێی پێناسە گشتییەکەی، باری نائاسایی دۆخێکی کتوپڕە، دەشێت لەڕێی ڕووداوێکی سیاسی و سەربازییەوە ڕابگەیەنرێت، یاخود بەهۆی کارەساتێکی سروشتییەوە بێت، بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو خۆی بەسەر کایەیەکدا دەسەپێنێ و تەواوی هەلومەرجەکانی ژیانی تێدا سەرەوژێر دەکات. لەم بارەدا ژیان تەنیا دەبێتە خەباتکردن لەپێناوی ڕزگاربوون لەو کارەساتەی بەرۆکی پێ گرتوون، ژیان ئیتردەبێتە مانەوەیەکی ڕووت بەزیندوویی و بەس، جیهانێژیان کورت دەکرێتەوە بۆ ئاستی شێوەژیانێکی گیانەوەرییانەی سادە. بۆیە مێژووی سەدەی بیستەم بۆ ئێمە جگە لە مێژووی خەباتی بەزیندوویی مانەوە هیچیتر نییە. بەپێی مارکس و ئەنگڵس، مرۆڤ ئاژەڵێکە ژیان و بوونی بەستراوە بە هەلومەرجەکانی بەرهەمهێنانەوە. ئەوان قۆناغەکانی گەشەسەندنی کۆمەڵگەکانیش دابەش دەکەن بەسەر قۆناغی ڕاوکردن و چنینەوە، قۆناغی کۆیلایەتی، قۆناغی فیوداڵیزم، قۆناغی سەرمایەداری و دواجاریش کۆمیونیزم. کۆمەڵگەی کوردی بە هەندێک لەم قۆناغانەدا ڕۆشتووە تا گەیشتووەتە وێستگەی سەرمایەداری کە ساتەوەختی ئەمڕۆیە و بەربووینەتە ناویەوە، بەڵام پێناچێت هەرگیز قۆناغی کۆمیونیزم ببینێ. لە هەموو ئەم وێستگانەدا قۆناغەکان لە دەرەوەی چێوەی سیاسی و قەوارەی کۆمەڵگەیەکی سەربەخۆدا تێپەڕیون، تاکە کارەکتەرێکی هاوبەش لەهەموو ئەم قۆناغانەدا هەبێت، بریتییە لەوەی ئێمە لەناو دۆخێکی ئیمێرجێنسی کرۆنیکیدا هەبووین و شێوازی گواستنەوەمان بۆ قۆناغێکی دواتر لەوەدا بەرجەستە بووە کە تەنیا خۆمان لەو قۆناغە لەناوبەرە بەزیندوویی دەرباز بکەین. خەباتی سیاسی ئێمە خەباتی داهێنانی ڕژێمێکی سیاسی بەپێی دروشمە ئیدیۆلۆگییە گەردوونییەکان نەبووە، بەڵکو خەباتێکی بیۆلۆگییانەی زیندەوەرێکە بۆ دەربازبوون لەو هەڕەشە بوونگەرییەی لەسەرێتی. ئێمە دەبێت لەڕووی تیۆرییەوە سەرلەنوێ دەستنیشانکردنێکی تر بۆ واقیعی بوونگەرییانەی گەلێک بکەین کە لەناو بارێکی نائاسایی کرۆنیکیدا جۆرێک لە تەکنیکی خۆدەربازکردنی داهێناوە پێی دەڵێین ئیمون سیستەم.

## پارادیگمای باری نائاسایی

باری نائاسایی لە کرۆکدا دۆخی تەنگژەیە. لەکارخستنی هەموو ڕێسا و هەلومەرجە ئاساییەکانی جیهانێژیانی ئەو بوارەیە کە خۆی بەسەریدا دەسەپێنێ. بەڵام دۆخێکیشە لەهەناوی خۆیدا هەڵگری ئەو پاڵهێزانەیە کە هانی مرۆڤ دەدەن بۆ زاڵبوون و تێپەڕاندنی تەنگژەکە. دۆخێکە لەناو پاسیڤکردندا توانستێکی ئەکتیڤیتێت هەیە. ئەوەی لەم دۆخەدا بتوانێت کارا بێت، ئەوە دەبێتە ئاغای خۆی.

مێژووی کورد بریتی بووە لە مێژووی نووسینەوەی تەنگژە هەمیشەییەکەی، تەنگژەی خۆسەپاندنی ئەویتر بەسەریدا لەدوای شەڕی چاڵدێرانەوە، دواتر جەنگی یەکەمی جیهانی، ئیتر جیهانێژیانی ئێمە خۆگونجاندن بووە لەگەڵ ئەو هەلومەرجە نوێیەدا، هەلومەرجی کۆلۆنیکراو. دیمەنی سەرەکی ئەم تەنگژەیەش لەو هەڵمەتی قڕکردن و کۆکوژییانەدا چڕ دەبێتەوە کە بەسەریدا هێنراوە، ئەمە جگە لە سیاسەتی لەکوردخستن لەڕێی عەرەباندن و تورکاندن و فارساندنەوە، کارەکتەر و ناسنامەشی شێوێنراوە. کۆی ئەم دیمەنانە، بریتین لەو بارە نائاساییانەی کە چەند سەدەیەکە ئێمە لەناویدا دەژین و ئەویش لەناوماندا دەژی، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەگوازێتەوە کەوا دۆخی نائاسایی لەناو خۆیدا هەڵگری جۆرە دینامیکیەت و جۆرە وزەیەکی ئەوتۆیە، دەشێت وەگەڕبخرێن و ببنە مایەی دروستکردن و سازکردنی جۆرە ڕێچکەیەک بۆ ژیان لەناو ئەو تەنگژەیەدا. ئەوەی ئێستا ئێمەی کورد بەردەوام لەباری نائاساییدا خۆمان دەبینینەوە، پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ئێمە خۆمان لەڕووی دەروونییەوە بەو شێوازەی ژیان لەناو تەنگژەدا ڕاهێناوە، بێهۆ نییە سەرباری هەموو تەنگژەکان ئێمە توانیومانە خۆمان قوتاربکەین و بەزیندوویی لێی دەربازبین. بەڕادەیەک زۆرینەی ئەو لێقەومانانەی بەسەرماندا هاتوون، چونکە بە کردەیی لەناو باری نائاساییدا ژیاوین، هاتنی هەر جۆرە کارەساتێک تووشی هیچ جۆرە شپرزەیی و شلۆقی و شۆکێکی زیادەمان ناکات. ئەوەی لە باری نائاساییدا ژیا، هەموو لێقەومانەکان دەبەزێنێ.

لێرەوەیە لێهاتوویی خودێک لە تەنگژەدا یان گەلێک لەباری نائاساییدا دەرناکەوێت، بەڵکو لەو تەکنیکانەدایە کە لەو دۆخانەدا بۆ کۆنترۆڵکردن و زاڵبوون دایاندەهێنێ. دۆخی ئاوارتە لە کرۆکی خۆیدا بریتییە لە دۆخی داهێنانی تەکنیکەکانی زاڵبوون.

مێژووی کورد، بەوپێیەی لەناو بارێکی نائاسایی درێژخایەندایە، دیارترین بەڵگەنەویستە کە شتێک نییە ناوی کۆتایی مێژوو بێت، ئەم کۆنسێپتە دوور و نزیک هیچ تیشکێک ناخاتە سەر جیهانێژیانی کوردی. دوای ئەو هەموو کارەسات و قاتوقڕییانەی لە قۆناغی جیاجیادا و بە هۆکار و فاکتۆری جیاجیا تووشی کورد بوون و دەرئەنجامی دراماتیکی توندیشیان لێ کەوتەوە، کەچی مێژوو لە جیهانێژیانی ئێمەدا لەجووڵە نەکەوتووە و بەردەوام بەرەوڕەوەی تری تایبەت بە خۆمان ئەو گالیسکەیە دەهاژووین. نە لە دوای شێخ مەحمود و نە لە دوای قازی محەممەد و نە لە دوای بارزانیش و نە لە دوای کۆڕەوەکەش و نە شەڕەکانی نێوخۆش ئەو ڕەوتە هەر لە جووڵە نەکەوت. بەهەمانشێوە هێگڵ پێیوابوو ناپلیۆن کۆتایی مێژووە، کەچی وا دەرنەچوو، ئەدۆرنۆ پێیوابوو هیتلەر کۆتایی مێژووە، بەڵام وانەبوو،



دیزاینی چادرێک بۆ باری نائاسایی کارێکی هونەرمەند لوسی ئۆرتا

ـان

# ...یەک لە هۆنراوە لیریکییەکانی ...می و مەولەوی تاوەگۆزیدا




پێناسەی دوالیزمی دژیەک دەکاتو دەنووسێ: "بریتییە لە جیاوازی نێوان دژەکان، یاخود دوو شت کە لە پێکهێنانیاندا جیاوازی دژبەیەک دروست دەکەن، یان سیستمێکی زمانەوانی و فیکرییە، زادەی دژیەکبوونە بەشێوەیەکی تیۆری و ئامانج لێی دەرخستن و ڕوونکردنەوەی دژیەکێکە بەرامبەر دژەکەی". دواتر باسی دوالیزمی دژیەک، لە تیۆلۆجیا، عیرفان، فەلسەفە و لۆجیک و ئەدەبدا دەکات. لە تیۆلۆجیدا باسی دوو بنەڕەت و هۆکار دەکرێت کە دەکرێ وەک دوو خوایی بیناسێنین، توێژەر سێ جۆر دوانەیی جیادەکاتەوە:

1ـ دوانەیی ڕەها، وەک (مانویە) کە باوەڕی بە دوو بنەڕەتی هەمیشەیی و سەربەخۆ و دژیەک هەیە.

2ـ دوانەیی بنەڕەتی، وەک (زەردەشتی) باوەڕیان بە دوو دەستپێکی یەکسان هەیە، کە بۆ یەک خوای هەمیشەیی دەگەڕێتەوە.

3ـ دوانەیی میانڕەو، وەک (غنوسی) باوەڕی بە یەک دەستپێک، بنەڕەت و تەنهایەکی (قدیم) و (ئەزەلی) هەیە، کە هەر ئەوەش خوای روناکیەکانی باڵایە.

دواتر باسی دوو جەمسەری لە بیروباوەڕی (تاو)دا دەکات کە بەپێچەوانەی دوانەی دژ، بڕوای بە یەکگرتوویی و هاوکاری لەنێوان دوو جەمسەری سەربەخۆی (سالب و موجەب) هەیە. هەروەها باسی دوالیزمی دژیەک لە ئاینەکانی هیند: [ڤیدا، براهما، هیندۆس و بودا]، ئێران: [ئاینی میترا، زەردەشت، دەیەسان، مانی و مەزدەک]. میسری کۆن، ئێزیدی، لە کۆتاییشدا ئاینە یەکتاپەرستەکان: [یەهودی، مەسیحی، ئیسلام] دەکات. لە عیرفانی یەهودیدا باسی خوای تاریک [خراپ و نزم] کە دژە بە خوای رووناک [چاک و بەرز] دەکات، لە عیرفانی مەسیحیەتیشدا دوو خوا جیادەکاتەوە، خوای ناو ناخ لەگەڵ ئەو خوایەی جیهانی مادی دروست کردووە. لە کۆتاییشدا بە وردی دوالیزمی دژیەک لەناو تەسەوف و عیرفانی ئیسلامی دیاری دەکات. پاشان دوالیزمی دژیەک لە فەلسەفە و لۆجیکدا باس دەکات؛ دژیەکی فەلسەفی و دژیەکی لۆجیکی لەیەک جیادەکاتەوە. هەروەها بەپێی قۆناغەکانی مێژووی فەلسەفە ئاوڕ لە چەمکی مەبەست دەداتەوە، لای پارمەندیس کە یەک بوون هەیە؛ بوون هەیە و نەبوون نییە، بەڵام هیراکلیتۆس پێیوابوو بوون و جیهان بریتییە لە کۆبوونەوەی دوالیزمەکان، هەرچی سوکراتە دژیەکی وەک میتۆدی دیالێکتیکی بۆ گەیشتن بە حەقیقەتی شتەکان بەکارهێناوە، کانتیش پێیوابوو فیکر دەچێتە ناو دژیەکەکان و ئاماژەی بە دژەکانی عەقڵیش کردووە. هیگڵیش بە میتۆدی دیالێکتیکی کە بنەماکەی لەسەر دژ و ئەنتی وەستاوە، باسی دژ وەک جوڵێنەر و داهێنانی نوێ دەکات. لە کۆتاییدا باسی مارکسیزم، بوونگەراکان و فەلسەفەی ئیسلامیش دەکات، لە لۆجیکیشدا شارەزابوون لە دژیەک گرنگە، بۆ خۆپاراستن لە هەڵەکانی فیکر، بەڵام لە ئەدەبدا دەربڕینی دژیەک دەبێتە هونەر، بۆیە توێژەر بە وردی ئاوڕ لە دوالیزمی دژیەک لە ئەدەب و ئەدەبی عیرفانی دەداتەوە، لە ئەدەبدا دوالیزمی دژیەک بەپێچەوانەی سروشتی خۆی بۆ گونجان، ڕێکخستن، موزیک و ئیستاتیکا بنەمایە، هاوکات جوڵەبەخشی تێکستە و لادانیشە لە نەریت و لۆجیک. دیچز زمانی دوالیزمی دژیەک، بە زمانی شیعر دەزانێت، کە شاعیر لەڕێیەوە راستییەکان دەردەبڕێت. دواتر توێژەر بۆ ئەو چەمکە ئاوڕ لە دیدی فۆرمالیستو بونیادگەرەکان داوەتەوە کە بایەخیان بە بونیادی دەرەوەی دەق دەدا. لە کۆتاییشدا باسی دوالیزمی دژیەک لە ئەدەبیاتی سیمبولی عیرفانیدا دەکات کە پێیوایە لە هەموو قۆناغەکانیدا چەند ئاستی جیاوازی وەک (پارادۆکس، جیاوازی لە هەستئامێزیدا، پێچەوانەیی و تەجرید) هەبووە.

بەشی دووەم، دوالیزمی دژیەکی بۆ (واتایی) و (رۆنانی) دابەش کردووە، لەمەشدا لایەنی ناوەرۆک و روخساری ئیستاتیکای جیاکردووەتەوە و هەردوو چەشنی دوالیزمی ئاشکرا و شاراوەی بۆ چەمکی ناوبراو لەسەر 113 بەیتە شیعری دوو شاعیرەکە بۆ راڤەکاری ئەم بەشە بە نموونە وەرگرتووە. لە واتاییدا باسی ناوەڕۆکی دژیەک دەکات کە راستیەک خۆی شاردووەتەوە، پێچەوانەیە لەگەڵ ئەو دیاردە ئاشکرایەدا، بۆ نموونە مەولانا دەڵێ:

چو دانستی کە دیوانە شدی، عقل است این دانش

چو می دانی کە تو مستی، پس اکنون هوشیاری تو

واتە، ئەوەی کە ئاگاداری شێتیی خۆتی، عاقڵییە، ئەوەش کە تۆ ئاگاداری مەستیی خۆتی، هۆشیارییە، بە بێهۆشیی خۆت.

مەولەویش دەڵێ:

بەدی نیکیەن، نیکی بەدنامی

فامای شێتیەن، شێتی پڕ فامی

بەدی: خراپە

نیکی: چاکە

فامای: تێگەیشتن.

دوالیزمی دژیەکی جوانناسیش باسێکە کە زیاتر لەڕووی زمانەوە دژبوون هەیە نەک لەڕووی واتا، ئەمیش لە روونبێژی و جوانکاری (بدیع)دا دەردەکەوێ، لە روونبێژیدا (خواستن، لێکچواندن، دوو رەهەندی [خواستن و لێکچواندن]، درکە و خوازە)و لە جوانکاریی واتاییشدا (فرەواتایی و رۆچوون-موبالەغە) بە نموونەوە باسکراوە. لە نموونەی درکەدا شیعری مەولانا دەهێنێتەوە:

خداوند خداوندان و صورت ساز بی صورت!

چ صورت می کشی بر من، تو دانی من نمیدانم

لێرەدا دژیەکی لە خوای بێ شێوە، بەڵام روخسار و شێوەسازدایە، صورتساز=خوا، درکەیە. مەولەویش دەڵێ:

ئامام سەرنیام وە بارەگاوە

غەریو، موو سفید، وە رووی سیاوە

موو سفید خوازەیە بۆ پیری کە لەگەڵ رەشیی رووودا، دوالیزمی دژیەکی ساز کردووە و بە لابردنی موو سفید و هێنانەوەی پیری دژیەک نامێنێت. لە کۆتاییشدا توێژەر بە نموونەوە باسی دوالیزم لەشێوازی لێکدراو یان رۆنان دەکات، مەولانا دەڵێ:

دی را بهار بخشد، شب را نهار بخشد

پس این جهان مردە زندەست از ان جهانش

مانگی (دی) کە چلەی زستانە، بەهار دێنێ و رۆژ دەبەخشێتە شەو، کەواتە ئەم جیهانە، مردووی زیندووە لە جیهانێکدا. مەولەویش دەڵێ:

تۆ مەردەی شەهید زیندەی بی باکی

من زیندەی مەردەی دەشتی خەمناکی

(مردووی زیندوو) لەگەڵ (زیندووی مردوو) پێکهاتەیەکی دوالیزمی دژیەکیان دروستکردووە.

بەشی سێیەم، لە ڕوانگەی ئیستێتیکییەوە باسی دوالیزمی دژیەکی لە شیعری هەردوو شاعیردا کردووە کە خاوەنی ئەزموونی ئیستاتیکی خۆیانن، چ لە ئاستی جیهانبینی و لایەنی عیرفانی چ لە هونەری دەربریندا. سەرەتا پێناسەی سروشتی ئیستێتیک لەلای فەیلەسوفان دەکات، دواتریش لە بارەی چۆنیەتی جوانیی هونەری دوالیزمی دژیەک لە شیعردا و کاریگەری خەیاڵ وەک کەرەسەیەکی ئیستێتیکی لە دوالیزمی دژیەکدا نووسیویەتی. پاشان ئاوڕ لە ئیستێتیکی پارادۆکس و مۆسیقای شیعری وەک رەهەندێکی دوالیزمی دژیەک داوەتەوە، لە کۆتاییدا هۆکارەکانی ڕەنگدانەوەی دوالیزمی دژیەکی لە هۆنراوەکانی مەولانا و مەولەویدا خستووەتەڕوو، بۆ ئەم بەشەش 112 بەیت شیعری هەردوو شاعیری وەک بەڵگە بۆ چەمک و هونەرە جوانەکان هێناوەتەوە و راڤەی ئیستێتیکی بۆ کردوون. مەولانا و مەولەوی جوانی تەنیا لە شێوازی دەروونی کە دۆزینەوەی خواوەندە نابینن، بەڵکو هەموو شتەکانی گەردوونیش جوان دەبینن.

توێژەر باسی هۆیەکانی جوانیی شیعر دەکات کە پاراوی و رەوانی بنەمان، پاراوی بنەمای جوانی دەربڕینی هونەرییە، لە شیعریشدا دژیەکی رۆڵی بنەڕەتی پێکهێنانی جوانییە، چونکە گەر مردن نەبێ ژیان مانای نابێت، جوانیش بۆیە جوانە چونکە ناشیرینی هەیە. مەولانا دەڵێ:

هر نور را ناری بود، با هر گلی خاری بود

هەر رووناکیەک ئاگرێکی هەیە، هەموو گوڵێک درکێکی هەیە، ژیانیش بریتیە لە پێکەوەبوونی دژەکان.

مەولەویش دەڵێ:

حەیات چ زوڵمات جیا نمە بۆ

کاوە وەبێ بەرگ سیا نمە بۆ

ئاوی حەیات لەناو زوڵمەتدایە، بۆنی خۆشی مسکیش لە کیسەیەکی رەشدایە. هەروەها باسی شیعری هەردوو شاعیر دەکات کە توانای روخساربەخشین بە سۆز و چەمکەکانی هەیە، واتە شیعر خۆی ببێت بە شتێکی هەستپێکراو و زیندوو، مەولانا دەڵێ: کە تۆ دێیت هەموو بەشەکانی جەستەم شاد و خۆشییانە، کە دەڕۆیت، شین و ناڵەیانە. مەولەویش لە هونەری ئاشنای نائاشنا کە دوالیزمە باو و رۆژانەییەکانە، بەڵام لە شیعردا ئاست و واتایەکی نوێی پێدەدرێت، باسی کوێریی خۆی و دیداری یار دەکات کە چاوەکانی لەنێوانیاندا ڕێگر بووە، ئێستا کە کوێرە داوا دەکات بێتە خەیاڵیەوە و خەڵوەتی لەگەڵ بکات بێ ئەوەی رێگری [چاوەکانی] هەبێت.

دواتریش باسی هێزی خەیاڵ وەک کەرەسەیەکی هونەری و توانای لە وێناکردنی خودا دەکات و نموونەی شیعری هەردوو شاعیر دەهێنێتەوە، هەروەها جۆرەکانی پارادۆکسی [کرداری/دەروونی، ئاخاوتن] ی بە نموونەی شیعرییەوە هێناوەتەوە، لە کۆتایی ئەم بەشەشدا بە حەوت خاڵ باسی هۆیەکانی رەنگدانەوەی دوالیزمی دژیەک لە هۆنراوەکانی هەردوو شاعیردا دەکات: قووڵی لە بیرکردنەوە و لە بابەتی چێژبەخش، فرەیی لە بر و چەشنی وێنەکانی خەیاڵ، زمانی شیعر زمانی دژیەکە، ئەدەب وەک هەڵکشانی دەربڕین بۆ رۆچوونە ناو ناخی شت و باسکردنی هەندێ بابەتی ئاڵۆزی ناو کۆمەڵگا.

# ...رادیگمایەک بۆ مانەوە

ئەلێکسەندەر کۆجێڤ پێیوابوو ستالین کۆتایی مێژووە، بەڵام وانەبوو، فۆکۆیاما پێیوابوو کۆتایی جەنگی سارد کۆتایی مێژووە، بەس وانەبوو، دواتر 11ی سێپتێمبەر کرایە خاڵی کۆتایی مێژوو، هەڵبەت ئەمیش وا دەرنەچوو. مێژوو ناوەستێ، شکستە تراژیدییەکانی بەسەر کوردا هاتوون بەڵگەنەویستن کە کۆتایی مێژوو، وەک کۆتایی قۆناغێک وایە و دەبێتە سەرەتایەکی نوێ بۆ ئاسۆیەکی تری مێژوو.

لەکوێ تەنگژە و قەیران هەبوو، لەوێ تەکنیکی خۆزاڵکردن بەسەریدا دروست دەکرێت. قەیران و چارەسەر دووانەیەکن پێکەوە خۆیان دەسەپێنن بەسەرماندا. باری نائاسایی خۆی هەڵگری باری خۆئاساییکردنەوەشە. لەو دۆخەدا جۆرێک بەرەنگاربوونەوە ساز دەبێت کە دووبارە مرۆڤ دەکاتەوە بە ئاغای واقیعەکەی، بۆ نموونە، راپەڕین رووداوێک بوو بۆ ئاساییکردنەوەی باری ئێمە، بەڵام کۆڕەوە ملیۆنییەکەی پاش راپەڕین، وەکو هاتنی بارێکی نائاسایی خۆی سەپاندە بەسەرماندا، کۆڕەوەکە لەخۆیدا بریتی بوو لە جۆرێک لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو بارە نائاساییە، واتە رووبەڕووبوونەوەیەکی پاسیڤانە بوو بەگژی ئەو هێزە نائاساییەی خۆی سەپاند. کۆڕەوە هەڵاتن نەبوو بۆ جێگەیەک کە ژیانێکی باشتری تێدایە، چونکە ئاشکرایە لەو دەشت و کێوە ژیانی باشتر نییە، بەڵکو هەڵاتن بوو لە ژیانێکی خراپتر و قبوڵنەکردنی ئەو بارە نائاساییە کە لەشکری رژێمێکی فاشیست دەیسەپاند. کۆڕەوی جوولەکەش لە میسرەوە بۆ ئیسرائیل هەمان مانای کۆڕەوی کوردی هەیە، بەرەنگاربوونەوەی بارێکی نائاسایی سەپاو، بەڵام کۆڕەو یان کۆچی بەکۆمەڵی میللەتانی دنیای سێ بۆ ئەوروپا و ئەمەریکا هەرگیز هەمان ئەو مانایەی نییە، ئەوان کۆچ دەکەن بەمەبەستی بەدەستهێنانی "ژیانێکی باشتر".

جگە لەو دۆخە قەیراناوییەی هەلومەرجی سیاسی، وەک داگیرکاری و کودێتا و هەڵگیرساندنی جەنگ دەیسەپێنێ بەسەر جیهانیژیانی هەرێمێکدا و باری نائاسایی دەسەپێنێ، هەندێک رووداوی سروشتیش هەمان باری نائاسایی دەسەپێنن. کارەساتەکانی وەکو ئاگر کەوتنەوە و لافاو و زریان کەوتنەوە و زەمینلەرزە تەواوی ئەو هەلومەرجانەی ژیان لەبەریەک دەترازێنن و باری نائاسایی دەسەپێنن. ئەم دۆخە تەنگژەی ئیمرجێنسی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ، بەڵام لەهەمان کاتدا تەکنیکەکانی زاڵبوون بەسەر ئەو تەنگژەیەش دێتە ئاراوە. باری نائاسایی شیفرەیەکە بۆ باری ئاسایی. زەمینلەرزەکەی لیسابۆن لە ساڵی 1755 هەموو ئەوروپای وەئاگاهێنایەوە، بۆچوونێک هەیە پێیوایە ئەو کارەساتە دەستپێکی لەدایکبوونی مۆدێرنەی خۆرئاوایە لەڕووی تەکنیکەکانی ئاسایش و حوکمکردنەوە. هەرێمی کوردستانیش ماوەی چەند ساڵێکە چەند رووداوێکی سروشتی توندی وەکو لافاو و زەمینلەرزە و وشکەساڵی بەخۆیەوە دەبینێ، بەڵام بەهاتنی ئەم کارەساتانە، هیچ ئاماژەیەکی ئەوتۆی چارەسەرکاری و هیچ پێشنیارێک و هیچ پلانێک بۆ دارشتنی تەکنیکەکانی بەرەنگاربوونەوەی ئەو کارەساتانە لەلایەن حکومەت و دەزگاکانی و رێکخراوەکانییەوە بەدی ناکەین. مەسەلەی کارەساتی سروشتی رێک پەیوەستە بە راگەیاندنی باری نائاساییەوە. چونکە لەکاتی کارەساتە لەناکاوە سروشتی و سیاسی و سەربازییەکاندا ئیتر ڕێساکان و رێکخستنەکان هەڵدەپەسێردرێن و کۆنسێپتی ئیمرجێنسی وەکو پارادیگمای باری نائاسایی کارا دەکرێت. ئیمرجێنسی وشەیەکی لاتینییە بەمانای ئەو شتەی کتوپڕ و لەناکاو پەیدا دەبێت و خۆی دەسەپێنێ.

## باری نائاسایی و دیزاین

**ئیمرجێنسی دیزاین بریتییە لەو لێهاتووەی هەوڵی ئەوە دەدات خۆی بۆ ئەو شتە ئامادە بکات کە خۆبۆئامادەکردنی نییە.**

**سلۆتەردایک**

بەپێی سیاسەتناسی ئەڵمانی کارڵ شمیت، دەوڵەت لەکاتی جەنگدا باری نائاسایی و ئیمرجێنسی رادەگەیەنێت و لێوەی مۆنۆپۆلی دارایی و بڕیاردان و توندوتیژی و رێکخستنەکانی بواری گشتی و تایبەتی دەکات لەپێناوی ئەوەی سەروەریی خۆی بپارێزێت، لەم پارادیگما سیاسییەدا دەسەڵات ئەرکی دابینکردنی ئاسایشە. بەڵام بەپێی ژنە فیلۆسۆف و کولتووروناسی ئەڵمانی یانا میلەڤ کە دیارترین فیگورە لەمڕۆدا کار لەو کۆنسێپتەدا بکات، گرنگترین فیگور کە رۆڵێکی کارا دەبینێت بۆ رووبەڕووبوونەوەی تەنگژە ئیمرجێنسییەکان بریتین لەو دیزاینساز و ئارشیتێکتۆرانەی کار بۆ داهێنان و دابینکردنی ئامرازەکانی پاراستن و مانەوەی لێقەوماوانی کارەساتەکان دەکەن. ئەندازیارەکان دەبێت پەرۆشی دابینکردنی شوێنی نیشتەجێکردنی لێقەوماوەکان بن، بەدروستکردنی ژووری مۆبایل و دەوار و چادری خێرا و دارشتنی نەخشەی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی کاتی و پرد و رێگاوبانی خێرا و کەرەسەکانی گواستنەوە و پاراستن، وەکو جلوبەرگی تایبەت بە کەشی نالەبار. ئیمرجێنسی دیزاین هونەری مانەوەیە بەزیندوویی، تەکنەلۆژیای خۆرێکخستنەوەیە لە دۆخێکی نائارام و شپرزەدا. هونەرمەندی کورد (هیوا ک) لە کارێکی هونەریی ئینستەلاسیۆندا بەناوی (بۆرییەکان) توانی بەرجەستەی ئەو ئیمرجێنسی دیزاینە بکات کە ئاوارە و پەنابەرەکان لە گریکستان لەتاو بێماڵ و حاڵیی خۆیاندا پەنایان بردە بەر ئەو بۆرییانە و لەناویاندا ماڵێکی کاتییان بۆ نیشتەجێکردن دروست کرد، لە ئەورووپاش کارە هونەرییەکانی لوسی ئۆرتا Lucy Orta لە دیارترین ئەو کارانەن کە وەکو ئیمرجێنسی دیزاین بۆ باری نائاسایی دەردەکەون.

بەشدارییەکانی فۆکۆ و ئاگامبێن و سلۆتەردایکیش بۆ دیزاین وەک تەکنیکێکی مرۆناسی بۆ پتەوکردنی ئیمون سیستەم لەڕووی فەلسەفییەوە بە دیارترین پرۆژە دەبینرێن، سلۆتەردایک لە سێینە کتێبی کایەکاندا و لە کتێبی (تۆ دەبێت ژیانت بگۆڕیت)، هەموو ئەو مەشقانەمان بۆ راڤە دەکات کە وەکو ئەنترۆپۆتەکنیک لەکاتی هەر تەنگژە و تەنگانە و پاسیڤبوونێکی مرۆییدا بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو دۆخەدا داهێنراون. بە دیدی ئەم، ئیمرجێنسی دیزاین کۆنسێپتێکە ئیمون سیستەم بەرەو پێشەوە دەبات. لەناو ئەودا چوارچێوەیەک دروست دەبێت بۆ وەسفکردنی سیستەمی بیۆلۆگی و یاسایی و هونەر و دڵنیایی. هەروەها دیزاین واتە، جیهان ئەو کایەیەی کە بەردەوام تووشی نەهامەتی و پێشێلکردن و پەلاماردانی کتوپڕ و لەناکاو دەبێتەوە،. لەبەرئەوەشی جیهان ئەو شوێنە پڕ لە رووداوە چاوەڕواننەکراوەیە، ئەوا مرۆڤ بەردەوام پێویستی بە ئارشیتێکتۆر و ئەندازەساز دەبێت بۆ خۆرێکخستنەوە و خۆکۆکردنەوە، ئیمرجێنسی دیزاین بریتییە لەو لێهاتووەی هەوڵی ئەوە دەدات خۆی بۆ ئەو شتە ئامادە بکات کە خۆبۆئامادەکردنی نییە.

لەناو دنیای کوردیدا لەدوای راپەڕینەوە ئێمە دەتوانین سێ جۆر پارادیگمای ئاوارەیی ببینین کە باری نائاسایی دروستی کردوون.

یەکەمیان: پارادیگمای سیاسی

هەموو لەیادمانە دوای شەڕە دراماتیکییەکانی نێوخۆی هەرێمی کوردستان لە نەوەدەکاندا ژمارەیەکی زۆری لایەنگرانی حیزبە شەڕکەرەکان لەماڵ و دێهات و شاری خۆیان ئاوارەبوون، پاشان بەهۆی شەڕی دژە داعشیشەوە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی ئاوارە هاتنە شارەکانی هەرێم.

دووەمیان: پارادیگمای کارەساتە سروشتییەکان

ئەو کارەساتە سروشتییانەی بەسەر کوردستاندا هاتن، وەک وشکەساڵی، زەمینلەرزە، ئاگرکەوتنەوە، لافاو و کەشی خراپ، تێکڕا بوونە مایەی ئاوارەبوون و بێماڵبوونی دانیشتوانێکی زۆری هەرێم.

سێیەمیان: پارادیگمای کۆمەڵایەتی

سڕینەوەی دیموگرافیی گوندەکان و تێکچوونی سترەکتوری کۆمەڵایەتیی شارەکان لەڕێی کردنەوەی پرۆژەکانی گوندی ناز و گوندی ئەڵمانی و سێتییەکانەوە و نەبوونی پلانێکی دادوەرانە لە سیاسەتی نیشتەجێکردندا، ژمارەیەکی زۆری خەڵک بێماڵ ماونەتەوە.

بەرانبەر ئەم سێ پارادیگمایەی ئاوارەبوون، دەسەڵاتی کوردی ستراتیژێکی عەقڵانی کاریگەری پیادە نەکردووە تا ئێستا، بەڵام ئەرشیتێکتۆر و هونەرمەندانیش نەیانتوانیوە کەفائەتی هونەریی خۆیان لەو تەنگژەیە هەڵقورتێنن و باری گرانی ئەو ئاوارانە سووک بکەنەوە، ئەوەی لەو شوێنکاتە دیاریکراوە تائێستا کرابێت، تەنیا ئەوە بووە کە لەلایەن رێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان و رێکخراوە مرۆییەکانەوە بووە. بۆشایی سیاسی ئێمە هەمیشە لە دەرەوە بۆمان پڕکراوەتەوە، دۆخی نائاسایی ئێمە هەمیشە لە دەرەوە هەوڵی ئاساییکردنەوەی دراوە. ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو سێ جۆر ئاوارەییە پێویستی بە عەقڵی ئیمرجێنسی دیزاینە، ئێمە قسەمان زۆر لەسەر ئایدیۆلۆژیاکان کرد، ئێستا کاتی ئەوەیە قسە لەسەر ئیمرجێنسی دیزاین و باری نائاسایی بکەین. ئیتر ئێمە لەسەردەمێکی تردا دەژین و دەبێت بۆ سەروەربوونەوە و ئاساییکردنەوەی دۆخەکەمان دیزاین ئیمرجێنسی کوردی رادەستی سیاسەتوان و ئەندازەسازی لێهاتوو بکەین.



# کۆنتراستی رەنگ، کۆنتراستی خەیاڵ...

د. موحسین ئەحمەد عومەر

لە دوا پێشانگەی هونەرمەندی شێوەکاری ناسراوی کورد قەرەنی جەمیل بە ناوی "ستیل لایف"، دەچینە ناو جیهانێکی نوێ، جیهانێکی نوێ سەر بە روانینێکی نوێ، یان دروستتر مۆدێرن، وەک تازەگەرییەک قووڵاییەکی لە رابردوودا هەبێ و رووی لە ئایندە بێ، ئەم مۆدێرنیزمە، وەک رەنگ، وەک کەرەستە، وەک هێڵ، وەک دیمەن یان گرافیک "نیگار"، تەواو تازەیە، لە هەمان کاتدا شکاندنی ئەو نەریتەیە کە ستیل لایف دەبێ تەنیا سێوێک بێ لەسەر مێزێک یان گوڵدانێک بێ لە پەنجەرە، لەم ستیل لایفە، فەزاکان، روانینەکان، هەموو شتێک ئازادە، هەموو شتێک درێژ و قووڵ دەبێتەوە، بێ پایان درێژ و بەرین و قووڵ دەبێتەوە، هیچ وەستانێک لە هیچ خاڵێکدا نییە، هیچ شوێنێک چەق نییە، هیچ شوێنێکیش سنوور نییە، هەموو شتێکیش لە جووڵەدایە، رەنگ و هێڵ و رووناکی و سێبەر و فۆرمەکان، مەودا و رەهەندەکان. لەگەڵ سەرنجی یەکەم دەکەوینە ناو جۆرێک لە ئێکسپرێسیۆنیزم، بەڵام ئەم ئێکسپرێسیۆنیزمە هەڵکەوتێکی ناکامی هەیە و جێگیر نییە، ئەمەش لە خاڵە هەرە بەهێزەکانی ئەم تابلۆیانەیە، هێزی رەنگ و فۆرمەکانیش ئەم هەڵکەوتە دەبەخشن، بەڵام دەبینین هەر زوو دەبێ لەم هەڵکەوتە ئێسکپرێسیۆنیزمە خۆمان دەرباز بکەین، یان هونەرمەند خۆی دەیەوێ بپەڕێتەوە، چونکە ئەمە وەک چێوەیەک دێتە بەرچاو سنوور بۆ هەموو شتێک دابنێ، نەخێر ئەمە نییە، بەڵکو بەرزبوونەوەیەکی میتافیزیکی هەستی پێدەکرێ، چونکە ناشێ ئەم روانین و نیگایانە خۆیان لەناو هەڵکەوتێکی دیاریکراودا قەتیس بکەن، بەڵکو بەرەو ئاسۆیەکی دی دەڕۆن، ئاسۆیەک زیاتر لەگەڵ ئەو پەنهانییە مرۆییە دەگونجێ کە وەک رازێک هەموومان بەدوایدا وێڵین، یان هەردەم ئەو پرسیارە لە خۆمان دەکەین، ئەو ناکامییە (Ephmre) بە مانا فەلسەفییە هونەرییەکەی لەو روانگەیەوە دێ کە خۆمان بەرامبەر بە تابلۆیەک دەبینینەوە و لەگەڵمان دەگونجێ و خەیاڵمان دەفڕێنێ، بەڵام ناتوانین ناوێکی لێ بنێین یان ناتوانین چوارچێوەیەکی ماناداری بۆ بدۆزینەوە، هەست بەو جیهانە سرکە دەکەین کە پرسیاری زۆر دەورووژێنێ، لەولاشەوە هەموو شتێک بە تەمومژ داپۆشراوە، راستییەکەی دەبێ تەمومژ و روونی و هەڵکەوتی هەموو تابلۆیەکی نایاب بێ، وێڵبوون و خۆدۆزینەوە لەناو هەموو تابلۆیەکی لەم ئاستانەی تابلۆکانی کاک قەرەنی جەمیلدا دەبێ هەستی پێ بکرێ، ئەمەش هەڵکەوتی راستەقینەی شتەکانە، ئەمەش لە سروشتی ئەو فۆرم و جیهانە ناوێزەیەی ئەم تابلۆیانە بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێ. لەلایەکی تریشەوە وەک بنیاتنانی جوانییەکی بێهاوتا کە تەنیا دەشێ فڕین و بەرزبوونەوەی میتافیزیکی وەک هەڵکەوتێک لە سنووری فۆرم و نیگار وەک دیمەن نزیک بێتەوە، یان بڵێین مانایەک بداتە خەیاڵ و تەکنیکی هونەرمەند، بۆیە هەر زوو دەبێ لەم روانینەش پاشگەزبینەوە، چونکە ناکرێ سیفەتێکی دیاریکراو یان مانایەکی دیاریکراو بە تابلۆیەک ببەخشرێ کە هونەرمەند بەوپەڕی ئازادی و قووڵایی خەیاڵی و هونەری کێشاویەتی، یان سیفەتی ئێکسپرێسیۆنیزمی بدەینە پاڵ، ئێکسپرێسیۆنیزمێکی سەر بە میکانیکێکی ئەبستراکت، یان بە شێوازێکی دی ئەبستراکتێکی تەعبیری، بڵێین هونەرمەند لەم ئەزموونەی دوایی بەم شێوەیە خۆی دەنوێنێ، نەخێر ئەمەش ناشێ، چونکە هونەرمەند بەوپەڕی ئازادی لەناو جۆربەجۆری هەست و روانینەکان کە ناشێ ئەمەش سنووری بۆ دابنرێ، کاری هونەری پێشکەش دەکا، ئەمەش لە تابلۆکانی ستیل لایف و ئەم ئەزموونەدا هەستی پێدەکرێ نەک لە هی یەکێکی دی. چونکە لەگەڵ سەیرکردن و روانین و وەستان لە بەرامبەر تابلۆکان هەست بە دەوڵەمەندییەکی سەرشار دەکەین لە جیهانبینی، چنین و هارمۆنی و گونجانی رەنگی پڕ لە کۆنتراست، پڕ لە سێبەر و رۆشنایی و فۆرم و لەولاشەوە قووڵی و بێسنووریی رەهەند و مەوداکانی روانین. بێگومان دەبێ ئەم هەڵکەوتە بە هەمان ئاستی لێوەشاوە بۆ بینەر بگوازرێتەوە، ئایا لە سەیرکردنی ئەم ئەزموونە دەشێ شتەکان لەوەدا کورت بکرێنەوە کە مانایەکیان پێ ببەخشین، پێموایە ئەم مانا دانانە مەترسییەکە بۆ رەخنە و بۆ نیگای بینەر، لەلاشەوە سوودێکی بۆ کاری هونەری نییە، دەشێ ئەم هەڵکەوتە بۆ کاری ئەڤانگارد و واقیعی و خاوەن پەیامێک راست بێ، بەڵام لە ئەزموونی قەرەنی جەمیلدا روانین و تەکنیک و جیهانبینی ئاودیوی هەموو پێوانە و پەیڕەوێکی وەک ئەمانەی سەرەوە دەبێ، ئێمە خۆمان لەناو بێپایانی لە رەنگ و فۆرم و دیمەن دەبینینەوە، هەر ئەمەش پەیامی راستەقینەی هونەرە، ئەمەش لە حاڵەتێکدا ئەگەر مانا و پەیام نیشاندان ئەوەندە بایەخیان هەبێ لە روانینی رەخنەییەوە. چونکە تابلۆ، یان هونەری شێوەکاری بە گشتی، وەک شیعر، یان هەر هونەرێکی دی نییە بەناو مانا و زماندا بڕوا، زمانی تابلۆ واتە کۆنتراستی رەنگ و هێڵ و خاڵ و سێبەر و رووناکی و فەزا و پانتایی و فۆرمەکان، وێڕای هەڵکەوتی ئەگەر بشێ بڵێین دیمەندار، ئەمەش بە هیچ شێوەیەک ناخرێتە ناو چوارچێوەیەکی دیاریکراوی ماندار، بە تایبەتیش بۆ ئەم ئەزموونەی ستیل لایف، لەلاشەوە ناتوانین بڵێین هەڵکەوتی بەرزبوونەوەی میتافیزیکی هەوڵێکە بۆ بەخشینی مانایەک بەم ئەزموونە، بۆ هەر تابلۆیەک لەم ئەزموونە ناوێزەیە، لەو بڕوایەدام ئەمەش ببێتە مەترسی بۆ لێکدانەوە، چونکە لە هەموو حاڵەتێکدا ئاسۆکان زۆر لەوە فراوانترن، زۆر لەوە هەراسانکارترن، هەڵبەت وەک کۆمەڵێ پرسیار خۆیان دەنوێنن: من چی دەبینم، هەست بە چی دەکەم لە بەرامبەر ئەم تابلۆیانە، بێگومان لە ئەزموونی لەم جۆرەدا روانین هەمیشە لە گەڕانێکی بێ پایاندایە، گەڕانێک کە بێگومان بێ هەستکردن بە جوانی و نایابی، وێڕای نەتوانینی جێگیربوون لەسەر خاڵێک یان لە گۆشەیەک یان لەسەر نیگایەک تێناپەڕێ، چونکە هەردەم ئەو پرسیارە دەکرێ کە ئێمە چی دەبینین، ئەوەی دەیبینین چییە و پێکهاتەی چییە و تا کوێ دەچێ، لەم ئەزموونەی ستیل لایفە، ئەم گەڕانە بەردەوامە هەیە، هەر ئەمەش دەشێ یەکێ لە ئامانجەکان بێ، بۆیە تازەگەری ئەم ئەزموونە لە شێوازدایە، وەک شکاندنی ریتمی ستیل لایف، دەشێ ئەمە ستیل لایفێک بێ بۆ نیگا و بۆ روانین، یان بۆ هەستەکان، تێپەڕین لە جیهانی ماددی بۆ جیهانی راز و پەنهانی، هەست و سۆزەکان، پرسیار و گەڕانەکانی مرۆ... هتد، وەک فۆرمیش لەم ئەزموونە هەست بە دەریایەک لە رەنگ و وێنا، هێڵ، رووناکی، تاریکی، گەشانەوە، فەزا و بەرزبوونەوە و هەڵچوون و نغرۆبوون دەکەین، هەست بە ناسکی و ئەوپەڕی ناسکی دەکەین، ناسکی تا رادەی ترازان و لێکهەڵوەشانەوە دەمانبا، بە گشتی ئێمە لەم ئەزموونەی ستیل لایفە لەگەڵ هەر تابلۆ و دیمەنێک دەکەوینە ناو ترازان و وێکهاتنەوە، هەڵوەشانەوە و بنیاتنانەوە، رۆچوون و بەرزبوونەوە، هەڵدێر و خۆگرتنەوە، رابردوو و ئایندە، دەکەوینە ناو کۆنتراستی جیهانێکی وێنادار، کۆنتراستێکی بێ سنوور، لە هیچ شوێنێک رەنگ نامێنێ، هەموو شوێنێکیش پڕ لە رەنگ و فۆرمە، لە ئاستی خەیاڵیشدا هەمان کۆنتراست هەستی پێدەکرێ، واتە جیهانێکی پڕ لە روانین و نیگا و هەست و ئاگایی، جیهانێکیش پڕ لە بۆشایی.





تابلۆیەکی قەرەنی جەمیل کە لەدوایین پێشەنگایدا بەناوی (ستیل لایف) نمایشکرا